هەر خێرێکم لە لا بێت؛ لە ئێوەی ناگرمەوە (پێتان دەبەخشم)، و هەرکەسێک خۆی بگرێتەوە لە داواکردن لە خەڵکی؛ خودا قەناعەتی پێدەبەخشێت، وهەرکەسێک چاوی لە دەستی خۆی بێت؛ خودا دەوڵەمەندی دەکات، وهەرکەسێک هەوڵبدات ئارامبگرێت؛ خودا ئارامی پێدەبەخشێت، وهیچ کەسێک بەخشینێکی پێنەدراوە خێرتر وفراوانتر بێت وەکو ئارامگرتن

لە ئەبی سەعیدی خودریەوە -ڕەزای خوای لێبێت- دەڵێت: هەندێک لە ئەنساڕەکان داوای (خێریان) لە پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- کرد ئەویش پێیانی بەخشی، هەتاوەکو هیچ شتێک نەمایەوە، کاتێک هیچ شتێک نەمایەوە لەبەردەستیدا، پێیانی فەرموو: «هەر خێرێکم لە لا بێت؛ لە ئێوەی ناگرمەوە (پێتان دەبەخشم)، و هەرکەسێک خۆی بگرێتەوە لە داواکردن لە خەڵکی؛ خودا قەناعەتی پێدەبەخشێت، وهەرکەسێک چاوی لە دەستی خۆی بێت؛ خودا دەوڵەمەندی دەکات، وهەرکەسێک هەوڵبدات ئارامبگرێت؛ خودا ئارامی پێدەبەخشێت، وهیچ کەسێک بەخشینێکی پێنەدراوە خێرتر وفراوانتر بێت وەکو ئارامگرتن».

[صەحیحە] [بوخاری و موسلیم هاوڕان لەسەری]

هەندێک لە ئەنساڕەکان داوای (خێریان) لە پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- کرد ئەویش پێیانی بەخشی، پاشان داوایانکرد دیسانەوە پێیانی بەخشی هەتاوەکو هیچ شتێکی نەمایەوە، وئامۆژگاری کردن بە خۆگرتنەوە لە داوا کردن وسەبرکردنی دەستی خۆت وئارامگرتن. پێیانی فەرموو هەرکەسێک خۆی بگرێتەوە لە داواکردن لە خەڵکی؛ ئەوا خوای گەورە قەناعەتی پێدەبەخشێت، ودڵی دەوڵەمەند دەبێت چونکە دەوڵەمەندبوونی ڕاستەقینە دەوڵەمەندی دڵە، ئەگەر مرۆڤ بەم شێوەیە بوو ئەوا خوای گەورە دڵی دەوڵەمەند دەکات وشکۆدار دەبێت وداوا لە خەڵکی ناکات. وهەرکەسێک چاوی لە دەستی خۆی بێت؛ خودا دەوڵەمەندی دەکات. و هەرکەسێک خۆی بپارێزێت لەو شتانەی خودا حەرامی کردووە وەکو پەیوەندی لەگەڵ ئافرەتی نامەحرەم وهەموو حەرامکراوەکانی تر؛ ئەوا خوای گەورە خۆی وخێزانی دەپارێزێت، وهەرکەسێک هەوڵبدات ئارامبگرێت؛ خودا ئارامی پێدەبەخشێت. وهیچ کەسێک بەخشینێکی پێنەدراوە خێرتر وفراوانتر بێت وەکو ئارامگرتن.

http://www.sunnah.global/hadeeth/ku/show/4967